# تا ئەوپەڕی گوڵ....
# وەرین

سدیق عەلی

بۆنی وەرین لە پەنجەکانم دێ
نوری ئەوین
لە باخچەکانی ریشی باوکم هەڵدەستێ
وەرین لە بەرگی گەڵاَیەکدا
دێتە خەونی هاورێکەمو
لە ژێر باڵی کۆترێکەوە
بەسەر ماڵی دەزگیرانەکەمدا دەفڕێ
وەرین گیرفانی عاشقێك پڕ دەکا لە کارتی پرسەو
لە بەیانی یەکەم رۆژی جەژندا
دەستی منداڵێك بە چکلێتەوە دەبڕێتەوە
ئەو بەرماڵەکان پڕ دەکا لە خوێنی کرِنووش
دەمی خونچەکان پڕ دەکا لە خوێنی پاییز
وەرین پریەتی لە چیرۆکی تاریك
پریەتی لە رژانی قاپە خۆشاوەکانی خدر کۆساری (١)
پریەتی لە قسە گەرمەکانی حوزەیران

بۆ تۆ کە هەشت ساڵە دەفرِیتو پیتەکانی نیشتنەوە ناناسی ، بۆمن کە هەشت ساڵە دەمرمو سەرێك لەکۆڵانەکانی منداڵیم نادەمەوە، سوپاس حوزەیران، بەوهەموو تابلۆ ئاگرینەوە تەنیات کردم، نەتهێشت بەدیار وەرینی باخچەوە پەنجەکانم بکرۆژم، نەتهێشت عەزیزم، بەو هەموو منداڵیەمەوە پەنجەرەکەتان بشکێنم، تاکۆتری سوانەکەتان بفرێنم، نەتهێشت بەو هەموو پیریەمەوە پەنجەرەکەم بشکێنم، تا کۆتری هەناسەم بەسەرتەوە بنیشنەوە، سوپاس حوزەیران کەفێرت کردم هەموو ساڵێك لەژێر نوانی بەیانیەکتدا چەند ساتێك بەبێ دەنگی بگریم، فێرت کردم هەموو ساتێ لەژێر لاسکی گوڵێکدا چەند ساڵێك بەبێ رەنگی بمرم.

وەرین
ئەوەندەی نەماوە
بەسەر باخەکانی منداڵیمدا بباری
ئەوەندەی نەماوە
وەك شەوی چیرۆکێکی درێژ
بەسەر بەرائەتی منداڵیمدا بێ

رۆشتیو نەهاتیو هاتمو نەڕۆشتمو لەچوار شەممەیەکی چرچ بەقسەی پیرە پیاوێکی ماڵ لەئێوارە، من بەسەر خۆمو تۆش بەسەر شەوێکی رانیەییانەدا دابەش کراین، هەشت ساڵ لەمەو بەرو کاتژمێر (٩)ی سەر لەشعر، نۆ ساڵ لەمەو پێشو کاتژمێر (٨) بەکاتی تێپەرین، تۆ هاتیو نەهاتیو .. نە.. نە.. نە.

لەژێر فنکە فنکی ئەو درەختەدا دەوەرم
لەناوەڕاستی ئەو رێگا هەترەشیەدا دەمرم
وەرین هەمیشە بە زمانێك دایکانەوە دەڵێ

تا ئێواره بەدیار ئاووه دامەنیشه، نەوەكا گریانی ژنێك بزەكانی ناوجۆلانەت بیر باتەوە، تا بەیانی بەدیار شنەباوه مەگری، نەكا پەنجه سیمرخیەكانی پیاوێك، هەنسكی سوچێكی كۆلانت بیر خاتەوە.

هەردوو دەستم تەڕەو دەڕۆم

بەرلەوەی ئەوان پێكەنینی نوكتەیەكی گەنجانه

تەواوكەن

من لەدوایین گریانی تەمەن ڕەت دەبم

كێ دێت دەڕۆین

دڵتان بەبارانەوە نەبێت

ئەو مانگێك دوای بارینی

شوو بە ئاسمان دەكاتەوە

دەڕۆین

بەر لەسپێدەكانی تەمەنی كچێك

ئێواره شوومەكانی پیربوون

بەجێدێڵین

تۆ بەرلەوەی بێی، دەرسی ڕۆشتنت فێر كردم، تۆ بەرلەوەی بڕۆی وانەكانی نەهاتنەوەت پێ خوێندمەوە، ئەوە حیكایەتی پیرێژنێكەو ئێمە لەبیستنی بێزار بووین، ئێمە لەو درەختانە فێری وەرین بووینو ئەم دارستانە بەعەشق نازانین، عەشق چۆلەكەیەكەو هەردەم لەچلێك دەنێشێ

نەفەرێك.. مندالێ نەفەرێك

كێ دێت..

شەو وەك لێوه قلێشاوەكانی

پەپولەیەكی باڵشكاو بگرینه دەم

چونكه ئیتر

دەرفەتمان نەماوه بنوین

شەو وەك حیكایەته شێتەكانی كچێك

وەك سوتاندنی تەرمی سپی دارەبەنێك

وەك بێتاقەت بوونی من

لەدانیشتن لەسەر ڕێگە درزاویەكانی تەمەن

شەو وەك تۆ

وەك درۆ پەمەییەكانی نێو نامەیەكی دڕاو

وەك قیژەی مندالێكی پیرۆز دێت

وەك چپەچپی دابارینی كوللەو

وەك چرچ بوونەوەی مەلایەك

لەژێر نزای درەختێكی تاریكدا

شەو دادێتو بەم شەوه كەم نیه

دەستگرتن بەسەر كەناراوەكانی تەنیاییدا

شەو دادێتو كەم نیه لەشكركێشی بۆ سەر ئاواییەكانی بەرائەت

هەلگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان تەنهایی منو هاتنەوەی باخ دا کەم نیە
من لێرەمو سبەینێ دێم
دڵنیام لەنێو ئامێزی گێژەڵوکەیەکی خۆمانەدا دەمرم
دەرفەتی ئەوەم نابێت
دەستەکانم پڕکەم لە ئاوو
لاجانگی ڕێگەی نەهاتی پێ تەڕ بکەم
شەو دادێت
ئەو دەمەی جوانی ئاونگێکەو
بەدیار لەخەوهەڵسانی گەڵایەکەوە
دەبێتە قلمیچ
ئەو دەمەی شۆخی لێویکەو
لەحەژمەت یاخی بوونی ماچێکدا دەوەرێ
باران دێتو لەدوورەوە
بەئاوازێکی کۆنەوە بە منداڵێکی هەپڕون بووی
ژێر گالیسکەی نێرگزێك دەڵێ
چەترەکەت داگرە هەڤاڵ
ڕێکەوتننامەی نێوان
شمشێرەکانی وەرینو
گەردنی پایز لەم (عەربەت)(٢) ەدا بەتۆچی
شەو دادێتو
لەو شەوە سورەدا کەم نیە
عەشق جانتای پیاوێکی تاریك بێت
لەسەفەرەکانی هەوەسدا پڕبێت لەتۆ
مەرگ کتێبی ژنێکی پەمەیی بێت
لەگەشتەکانی گریاندا پڕبێت لەمن
ئیتر
هەلگیرسانەوەی شەڕ
لەنێوان پەرداخەکانی منو
شەرابی بێئومێدیدا
بەتۆ چی
شەو نایەت
من دوکەڵی شێتی جگەرەیەكو
بۆنی پەرچەمی پێکێکم
شەو دێتو
منیش گرەنتی نادەم
بتوانم لە پایزێکی تردا بوەرم

شەو دێتو چرکەیەك نامێنێتەوە
دێتو ساڵێك ناڕوات
من دێمو بەشی هەناسەیەك نامێنمەوە
دێمو بەشی مردنێك ناگەڕێمەوە
هاوڕێیان
ڕۆیینی من لەدڵنیاییمەوە بۆ هەپرن بوونم دێت
ڕۆیینی من لە بێتاقەت بوونم لەخۆمو
بێزووم بۆ مزری ڕێواسەکانی مەرگ دێت
دەڕۆمو دەمرم
تا بارانی مەزدەکیانەی ئێرە پڕ دەبێت لەدەنگ
دەڕۆمو دەوەرم
تا گەڵا پاڵکەوتوەکانی ئێرە پڕ دەبن لەڕەنگ
ئێوە دەزانن
من پاشماوەی خەوتنی گوڵێکو
گیان سپاردنی کانیەکو
ڕاکردنی جۆگەیەکو
شەق بردنی هەنارێکم
من شەرمی چاوی نێرگزێکم
سبەینێ دەڕۆم
بەو هەموو یەئسەوە بەدیار مێلاقەکانی مەرگ پێدەکەنم
بەو هەموو مەرگەوە
بەدیار بێشەرمی فرمێسکەکانی هاتنەوەوە پێدەکەنم
وەرین پێکەنینی لێ پڕ کردین لە پشکۆ
هەموو هاتن
ئاگرمان کردەوە
چی هاواری پشتی بێ دەنگیەکان هەبوو
سوتاندمان
چی بێ دەنگی دوای هاوارەکان هەبوو
چی خەونی پەپولانەی ژێر بەتانیە پلێنگیەکانو
چی بەرائەتی ئەودیوی
غەریزە ڕەشەکانی جەستەبوو
چی ماچە گەرمەکانی بەفرو
قسە ساردو سڕەکانی ئاگر هەبوون
ئاگرمان دان
هاوینێکی درێژە
بەدیار حەیرانێکەوە حەیرانین

نە ئەوەیە دەست پێبکاتو
نە ئەوەیە تەواو بێت
تەمەنێکی درێژە
بەدیار ئاگرێکەوە گڕ دەگرین
نە ئەوەیە بکرێتەوە
نە ئەوەیە بکوژێتەوە
لەو قامیشەلآنی عەشقەدا
سالآنێکە دەستی مشارێك ماچ دەکەین
نە ئەوەیە رێگەمان بۆ بکاتەوە
نە ئەوەیە لە رێگەمان بکاتەوە
ئاگرمان کردەوە
ئێمە کۆمەڵێك منداڵ بووین
لە ژێر پریشکی زللەی گەورەکاندا
ئاگرمان کردەوە
یە کێکمان پەنجە توتەی سوتاو بو بە (مەمە)
ئەوەی ترمان پەنجە توتەی سوتاو بو بە چلورە
ئەوەی دیمان تەنیا پەنجە توتەی نەسوتاو بو بە چۆلەکە
ئێمە کۆمەڵێك هەرزەکار بووین
لەژێر سێبەری تریقەی هەندێك کچدا ئاگرمان کردەوە
یە کێکمان پەنجەی سوتاو
بوو بە جگەرە
یەکێکی ترمان (دەستی سوتا)و بوو بە تیرو دڵو
ئەوەی دیمان ئایندەی
ئێمە کۆمەڵێك عاشق بووین
لە دامێنی کتێبێکدا
ئاگرمان کردەوە
یە کێکمان شیعرەکانی سوتاو بوو بە گاتا
ئێمە کۆمەڵێك پیرین
هەمیشە لە پشت دیواری مزگەوتەکانەوە ئاگر دەکەینەوە
یەکێکمان قژی دەسوتیۆ و دەبێتـە کنگر
یەکێکمان دەستی دەسوتیۆ و دەبێتـە گۆچان
ئەوەی ترمان پێکەنینی گڕ دەگریۆ و دەبێتە کۆکە
ژیان چۆن لە باڵی پەپولەیەکەوە دەستی پێکردو
لە چرنوکی داڵێکدا کۆتایی هات
چۆن لە بارەی بەرخێکەوە هاتو
لە لورەی گورگێکەوە دەرچوو

ژیان چ نوکتەیەکی سەیر بوو
بە چاوەڕوانی کچێك لە دەرگا
بۆ نیگای مەستانەی عاشقێك هاتو
بە چاوەڕوانی هەمان کچ هەر لە دەرگا
بە دیار هاتنەوەی کوڕەکەیەوە تەواو بوو
من نازانم
بڕۆن لەوانە بپرسن کە شەوان
لەنێو نوێنی ئۆخژن دەخەوتنو
ئێواران بە کۆلاَنەکانی لەزەتدا پیاسەیان دەکرد،
ژیان چی بوو؟
بڕۆن
لەو بازرگانانە بپرسن
کە هەر رۆژ
کەپری کۆترێکیان دەڕوخاند
ژیان چی بوو؟
من نازانم
شەوێك بە دیار دانئێشەی شیعرێكو
شەوێك بە تەنیشت غەزرینی خەووەوە
ئاگرم کردۆتەوە
من نازانم
رۆژێك بە دەم گۆرانیە بریندارەکانی مەحسونو
رۆژێك لە پەلەی هاتنی شەوو
شەوێك لە پەلەی هاتنەوەی بەیانیو
پەلەی ئێوارەو شەوو
پەلەی
پەلەی
پەلەی پەلەی
پەلەی
ئاگرم کردۆتەوە
بڕۆن لەوانە پرسن
ژیان چی بوو؟
کە هەر رۆژ باخەڵی کچێکیان پڕ دەکرد
لە پەنجەی شەهوەت
من نازانم
ئاگرمان کردەوە ئاگر
ژیان چ چیرۆکێکی مندالاَنە بوو

له مل درێژکردنی جوجەڵەیەك
بۆ شكاندنی بەرگی هێلکەکەی دەستی پێکردو
مل درێژ کردنی هەمان جوجەڵە بۆ سەر بڕین تەواو بوو
ئێمە کۆمەڵێك شاعیر بووین
له سەر گوفکی بارێکدا
ئاگرمان کردەوە
چی گلەیی بزری چاوەکانو
برینی ئێوارانمان هەبوو
ئاگرمان دان
ئێمە کۆمەڵێك پشکۆ بووین
لەنێو چاوی رووباردا ئاگرمان کردەوە
یه کێکمان نەسوتاو بوو به بەرد
یەکێکی ترمان سوتاو بوو به بەرد
ئەوەی ترمان نه سوتاو نه بوو به بەرد
ئێمە
کۆمەڵێك نیشتیمان پەروەر بووین
له ناو سندوقێکی هەڵبژاردندا ئاگرمان کردەوە
یەکێکمان دەنگی داو پەنجەی جێما
ئەوەی ترمان دەنگی نەداو پەنجەی جێما
ئەوەی دیمان دەنگی نەداو خۆی به جێما
ئاگرمان کردەوە
چی کۆبونەوە حزبیەکانو
دڵتەنگی ژێر لافیتەکان هەبوو ئاگرمان دا
ئێمە کۆمەڵێك پەپولە بووین
لەدوایین کۆبونەوەمان لەگەڵ ئاگر
یەکێکمان باڵەکانی سوتاو بوو به چەتر
یەکێکی ترمان پەنجەکانی سوتاو بوو به زرنیق
ئەوەی ترمان سوتاو
بوو به دوکەڵی پێکەنینی کچێك
لەوێوە وەرین لەسەر تەختەی قوتابخانەدا هەڵتروشکا
دۆی رژاندو
چەندەها سێوی بۆ ئازاد بەردایەوە
هەتا دوا جار
گوڵ بێچوێکی خستەوە
وەرین ناوی لێنا
و ه ر ی ن

(١) خدر کۆساری شاعیرێکی گەنج بوو لە بەردەمی مزگەوتی گەورەی رانیە شەربەتی دەفرۆشت، لەشەڕی ناوخۆی ساڵی ١٩٩٤ کوژرا

(٢) ئاماژەیە بۆ منداڵێکی نێرگز فرۆش کە لە شارۆچکەی عەربەت کەوتە ژێر ئۆتۆمبێلەوەو گیانی سپارد